## ساز فەرەیدون:

# ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان خراپە

**ساز فەرەیدون یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی ئالاَّ و شاری هەولێر لە یاری گۆڕەپان و مەیدان، ئەم یاریزانە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرە و قوتابی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای وەرزشی هەولێرە، لە یاری گۆڕەپان و مەیدان بەشداری لە یارییەکانی یەك باز و سێ باز و بازدانی بەرز و ١٠٠م کردووە و چەندین دەستکەوتی لە پاڵەوانیەتی لەسەر ئاستی کوردستان بە دەستهێناوە توانی لە ماوەیەکی کورت شوێنی خۆی لە نێو پاڵەوانەکانی بوکی یارییەکان بدۆزێتەوە. بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ ئەنجام بدەین.**



*** بۆچی یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- کاتێك چوومە پەیمانگای وەرزشی هەولێر دوای ماوەیەك بڕیارم دا ببمە یاریزانی یاری گۆڕەپان و مەیدان، چونکە یارییەکی خۆشە و رکابەرییەکی زۆری تێدایە و یاریزان دەتوانێت لەم یارییە نازناو بەدەستبهێنێت و پێویستی بە ماندووبونی تاکە کەسی هەیە.

*** چۆن دەڕوانیە یاری گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کوردستان؟**

- ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان خراپە، چونکە پشتگیری لەم یارییە ناکرێت و هیچ یاریگایەك نییە و پاڵپشتی یاریزانەکان ناکرێت بە هیچ شێوەیەك.

*** ئایا پشتگیری لە وەرزشی ئافرەتان دەکرێت؟**

- دەتوانم بڵێم لە کوردستان تا رادەیەك پشتگیری لە وەرزشی ئافرەتان دەکرێت، دەبێت ئەم پشتگیرییە لە داهاتوودا زیاتر بێت، چونکە یاریزانی یەکجار بە توانا هەیە دەتوانێت لە پاڵەوانیەتیە نێودەوڵەتییەکان دەستکەوتی مێژوویی بە دەست بهێنن.

*** چۆن خۆت بۆ پاڵەوانیەتی عێراق ئامادەکردووە؟**

- لەم چەند رۆژەی داهاتوودا پاڵەوانیەتی عێراق لە شاری بەغدا دەست پێدەکات، یانەی ئالاَّ لەم پاڵەوانیەتیە بەشداری دەکات و زۆر باش خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە ئامادە کردووە.

هەوڵ دەدەم لەم پاڵەوانیەتیە بتوانم دەستکەوتێکی باش بۆ خۆم تۆمار بکەم بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم.

*** ئایا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرای؟**

- نەخێر، تا ئێستا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق نەکراوم، بەڵام لە پاڵەوانیەتی عێراق هەوڵ دەدەم دەستکەوتێك بۆ خۆم تۆمار بکەم تاکو بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق بکرێم بۆ ئەوەی بتوانم بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوە بکەم.

*** ئایا خێزانت هیچ کێشە و گرفتت بۆ دروست ناکەن؟**

- نەخێر، خێزانم هەردەم هاندەرم بوونە و پشتگیرییەکی تەواوم لێدەکەن و زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** بە نیازی یانەی ئالاَّ جێبهێڵی؟**

- نەخێر، ئەم یانەیە جێناهێڵم، چونکە هەر لەم یانەیە کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم دێنم.

*** ئایا راگەیاندن پاڵپشتی وەرزشی ئافرەتان دەکات؟**

- تا رادەیەك راگەیاندن پاڵپشتی وەرزشی ئافرەتان دەکات، بەڵام وەکو پێویست نییە، دەبێت رۆژنامەنووس رۆڵی زیاتر بێت بۆ ئەوەی هانی کچە یاریزانەکان بدەن تاکو بێنە نێو بواری وەرزش.

*** داواکاریت چییە؟**

- داواکارم، کەوا یاریگایەکی تایبەت بۆ گۆڕەپان و مەیدان بکرێتەوە لە شاری هەولێر بۆ ئەوەی بتوانین مەشق و راهێنانی خۆمان ئەنجام بدەین تا بتوانین لە پاڵەوانیەتیەکان دەستکەوتی باش بە دەست بهێنین و هەروەها دەبێت بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی وەرزشی ئافرەتان بکرێت. لە کۆتاییدا ساز فەرەیدون هیوای خواست بتوانێت لە داوڕۆژ ببێتە یاریزانێکی بەتوانا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق.




# ڤاڵدێز لەسەر زۆر شت قسە دەکات

فیکتۆر ڤاڵدێز یەکێك بوو لە هەشت یاریزانەکانی کاتالۆنی کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانیان نازناوی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا ببەنەوە.

## نوێکارییەکان

ڤاڵدێز دەڵێ: گەورەترین خەونی ئێمە بەدەستهێنانی خولی یانەکانی ئەورووپای ئەم وەرزەیە و ئێمە دەبێ وەرزی رابردوو لە بیر بکەین و گرنگی بەداهاتووەکان بدەین و هەست بە کەش و هەوایەکی باش دەکەین.

## ڤاڵدێز و فابریگاس

ڤاڵدێز دەڵێ فابریگاس یاریزانێکی ئاست بەرز و بە توانایە و بەهیوای ئەوەم جارێکی دیکە ئەم یاریزانە بگەڕێتەوە ماڵی پێشووی کە جەماوەری کاتالۆنی بە پەرۆشەوە چاوەڕوانییەتی.

## گەڕانەوەی ڤاڵدێز

دوای تەواوبوونی پشووی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا کە توانیان نازناوی مۆندیال بیننەوە، ڤاڵدێز گەڕایەوە مەشقەکەی وتی: غەریبی یاریگای نیوکامب دەکەم و حەزدەکەم لەگەڵ یاریزانەکان و راهێنەر گواردیۆلا بەیەکەوە دەست بە مەشقەکان بکەینەوە.

## مۆندیال

ڤاڵدێز دەڵێ خۆشترین ساتی ژیانی وەرزشیم بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال بوو کە بەم شێوەیە توانیم لە ژیانی وەرزشیم گشت نازناوەکانی جیهانی لەسەر ئاستی ئیسپانیا و کیشوەری و جیهانی بەدەست بهێنم، خۆشحاڵ بووم لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاریزانە مەزنەکانی ئیسپانیا بەشداریم لە مۆندیال کرد.

## گۆڵی ئەنیستا

لەگەڵ لێدانی فیکەی کۆتایی لەلایەن ناوبژیوانەوە بەپەلە و بەهێز بۆ لای ئەنیستا رامکرد و ماچێکم لێکرد و ناتوانم چۆن وەسفی ئەم خۆشیە بکەم، لام وایە من گۆڵەکەم تۆمارکردووە، جێگەی باسە ڤاڵدێز و ئەنیستا ماوەیەکی زۆرە بەیەکەوەن و یەکتریان زۆر خۆش دەوێ.

## ڤیاو ئەدریانۆ

سەرەڕای ئەوەی ڤاڵدێز زۆر شتی هەیە بیری لێبکاتەوە کەچی زۆر بە پەرۆشەوە ئاگاداری بۆندە نوێیەکانیشەوە و سەبارەت بە ڤیا و ئەدریانۆ وتی: یانەکەمان شتی نایابی کردووە، بۆندی لەگەڵ ئەم دوو ئەستێرەیە مۆرکردووە و ئەم دوو یاریزانە لە یانەکانی پێشوویان ئاستیان زۆر بەرز بووە و منیش متمانەم پێیان هەیە کە لای ئێمە باشتر دەبن.

# ئایا ڕیال مەدرید سوود لە کڕین و فرۆشتنی یاریزانان وەردەگرێ؟

**یانەی قەڵای سپی لە ئیسپانیا بە یەکێك لە هەرە یانە باشەکانی ئیسپانیا و جیهان دەژمێردرێت و لە مێژووی خۆی چەندین نازناوی گرنگی بەدەستهێناوە، یانەی ڕیال مەدرید بۆ وەرزی ئەمساڵ چەندین یاریزانی بە توانای هێناوە و چەندین یاریزانیش کە سوودی لێ وەرناگرێ دەستبەرداریان بووە، ئەمەش خشتەی یاریزانەکانە.**

### یاریزانە ڕۆیشتووەکان

• تۆبیاس کریستۆف میتزێلدر تەمەن ٢٩ ساڵ و بەرەگەز ئەڵمانیە و لە یانەی ڕیال مەدرید بێ بەرامبەر چوویتە یانەی شاڵکەی ئەڵمانی.

• ڕاهێنەر مانوێل لویس بیلگرینی تەمەن ٥٦ ساڵ بەرەگەز خەڵکی (چیلی)یە لە یانەی ڕیال مەدرید دەرکراو بۆندەکەی هەڵوەشێنراوە و بڕی چوار ملیۆن یۆرۆی وەرگرت لە هیچ شوێنێك کارناکات.

• خۆ سێ ماریا تیریز(گوتی ) تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی (ئیسپانیا)یە لە ناوەڕاست یاری دەکرد و لە یانەی ڕیال مەدرید چووە یانەی بەشکتاشی تورکی دوای چارەسەرکردنی کێشەی بۆندەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ مۆرکرد.

• رائوول گۆنزالیس بلانکۆ تەمەن ٣٤ ساڵ و خەڵکی (ئیسپانیا)یە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکرد و لە یانەی ڕیال مەدرید چووە یانەی شاڵکەی ئەڵمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ.

### یاریزانە هاتووەکان

• ڕاهێنەر جۆزی مۆرینهۆ کە خەڵکی پورتوگالە و لە یانەی ئەنتەرمیلان هاتە یانەی ڕیال مەدرید و بڕی(٨) ملیۆن یۆرۆی بە ئەنتەرمیلاندا تا بۆندەکەی هەڵوەشاندەوە و بۆندەکەشی بۆ ماوەی چوار ساڵە.

• سێرجیۆ کانالیس تەمەن(١٩) ساڵ و خەڵکی (ئیسپانیا)یە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و لە یانەی ڕایسینگ سانتاندێر بە بڕی ٤,٥ ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ پاداشتەکان بۆ ماوەی شەش ساڵ هاتە ڕیزی یانەی ڕیال مەدرید.

• ئەنگل دی ماریا تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی (ئەرژەنتین)ە لە هێڵی هێرشبەری باڵی چەپە یاری دەکات و لە یانەی بەنفیکای پورتوگالی بە بڕی(٢٥) ملیۆن یۆرۆ و بۆ ماوەی (٦) ساڵ هاتە ڕیزی یانەی ڕیال مەدرید.

• بیدرۆ لیۆن سانشێر تەمەن ٢٣ ساڵ خەڵکی (ئیسپانیا)یە لە باڵی ڕاست و چەپ و دروستکەری یارییەکانە و لە یانە خیتافی بە بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ ماوەی شەش ساڵ هاتە یانەی ڕیال مەدرید.

• سامی خزیەرە تەمەن ٢٣ ساڵ و بەرەگەز تونسیە و خەڵکی (ئەڵمانیا)یە لە ناوەڕاست یاری دەکات لە یانەی شتوتگارتی ئەڵمانی بۆ ماوەی(٥) ساڵ بە بڕی (١٢) ملیۆن یۆرۆ هاتە ڕیزی یانەی ڕیال مەدرید.

لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییەکی تەواو لە ژمارەی درێسی یاریزانەکان دەکرێت لە وەرزی ئەمساڵدا، کە بەمشێوەیە خوارەوەیە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ژمارە ٧
کەریم بن زیمە ژمارە ٩
ئەنگل دی ماریا ژمارە ١١
هیگواین ژمارە ٢٠
زاڤی ئەلۆنسۆ ژمارە ١٤
کانالیس ژمارە ٢٢
ئەربیلوا ژمارە ١٧
سامی خزیرا ژمارە ١٦



# پێکهاتەی بەرشلۆنە بۆ وەرزی ٢٠١٠- ٢٠١١

**یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ماوەی چەند ساڵێکە کۆنترۆڵی نازناوەکانی خولی ئیسپانیا و ئەوروپای کردووە، دوای گۆڕینی سەرۆکی یانەکەی چەندین گۆڕانکاری لە پێکهاتەی یانەکەی بۆ وەرزی ٢٠١٠ – ٢٠١١ کرد، لەژێر سەرپەرشتی راهێنەری لاوی بە توانا جۆسیبی گواردیولا کە گوتی ئەم یاریزانانە ئاست بەرزن و دەتوانن لە یەك شوێن زیاتر یاری بکەن.**

### هێڵی بەرگری

لە هێڵی بەرگری گواردیولا دەڵێ چەندین یاریزانی بەتواناما هەیە کە دەتوانم جێگۆڕکێیان پێ بکەم لە دانی ئەلفێس و ئەدریانۆو ماکسویل و پویل هەروەها وتی: پویول و میلیتۆ و جیرارد و ئەریك ئەبیدال بۆ هەر شوێنێکم بووێ یارییان پێ دەکەم.

### زەخیرەیەکی باش لە هێڵی ناوەڕاست

بەبوونی سیدوکیتا و سێرجیۆ پۆسکێس لە هێڵی ناوەڕاست دەبنە باشترین هێڵی ناوەڕاستی بەرگریێ، گواردیۆلا هیوا و ئاواتیشی بە هەرسێ ئەستێرە تشاڤی ئەنیستا و میسی هەیە کە لە تواناییان هەیە هەر کاتێك بیانەوێ هاوکێشەی یاریی بگۆڕن.

### تواناییەکی بەهێز لە هێڵی پێشەوە

سەرەڕای بوونی میسی لە هێڵی هێرشبەر یاریزانان دیڤید ڤیبا و یاریزانی بە توانا پیدرۆ کە گۆڵکاری ئیسپانیا بوو لە مۆندیال و پیدرۆ رۆدریگیز و ئیبرامۆ فیتش و سواریز و بۆیان کریکتش دەتوانن بە بەردەوامی مەترسی لەسەر گۆڵی بەرامبەر دروست بکەن.

### گۆڵچی

ڤیکتۆر ڤالدێز کە یەکێکە لە گۆڵچییە هەرە باشەکانی گواردیۆلا کە متمانەیەکی زۆری پێی هەیە.





## محەمەد بەسیونی:

# بایەخدان بە ناوبژیوانانی تەمەن بچووک زۆر گرنگە

**محەمەد رەفعەت بەسیونی لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری ئەسکەندەرییەی وڵاتی میسرە، ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی و سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی تێنسی یەکێتی ئەفریقیا و ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی یەکێتی عەرەبییە و تاکە ناوبژیوانی عەرەبە کە هەڵگری نیشانەی زەرقایە،لە یاری تێنسی سەرمێز ناوبژیوانی یاری کۆتایی ئۆڵۆمپیاتی سیدنی بووە لە دوایین کاریش لە پایتەختی کوردستان خولێکی بۆ ناوبژیوانانی کوردستان و عێراق کردەوە . ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***چۆن هاتیە کوردستان بۆ سازدانی ئەم خولە؟**

- لە رێگەی یەکێتی تێنسی سەرمێزی عێراقی،کە داوایان لە یەکێتی نێودەوڵەتی تێنسی کرد،بۆکردنەوەی خولێکی پتەوکردنی ئاستی توانای ناوبژیوانانی عێراق و کوردستان،ئەوانیش منیان دەستنیشان کرد، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم خولە، چونکە ئەندامی هەمیشەیی یەکێتی نێودەوڵەتیم .

***تا ئێستا چەند خولی ناوبژیوانی نێودەوڵەتیت بەڕێوە بردەوە؟**

-لە وڵاتانی عەرەبی ٨ خول ولە ئەفریقاش ٤ خول، لە هەریەك لە وڵاتانی غانا و کینیا و کۆنگۆ و برازاڤیل.

***خۆشترین و زەحمەترین یاری کە بەڕێوەت بردەوە وەکو ناوبژیوان کام یاری بووە؟**

-خۆشترین یاری کە ناوبژیوان بوویمە لە ئۆڵۆمپیاتی سیدنی بوو لە وڵاتی ئوستراليا، کە یاری کۆتایی لە نێوان سوید و چین،کە یارییەکی مێژوویی بوو، چونکە دوایین یاری بوو کە لەسەر ٢١خاڵ بێت، دواتر بووە ١١خاڵ لە تێنسی سەرمێز، بەڵام ناخۆشترین و زەحمەترین یاری لە کۆتایی پاڵەوانەتی جیهانی بوو، لە ئاستی ئافرەتان لە بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا لە نێوان ئافرەتانی رووسیا و کۆریا بوو، لەم یارییەشدا یاسای بەدیل جۆلا جێبەجێکرا بۆ یەکەمجار.

***تۆ بە کۆلینای تۆپی سەرمێز دەناسرێی بۆ ئەمە دەڵێی چی؟**

-بێگومان ئەوە ناوە شانازییە بۆمن قسەکەشتان سەد لە سەد راستە.

*** ئاستی ناوبژیوانانی بەشداربووی خولەکەی هەولێر چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

-زۆر باش نەبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە ماوە درێژەی کە عێراق دابڕابوو لەم یارییە بەهۆی شەڕەوە.

***بە شێوەیەکی گشتی چۆن ئاستی یاری تێنسی سەرمێزی عێراق دەبینی؟**

-پێشتر عێراق لە پێشەوەی وڵاتانی عەرەبی بوو، باشترین یاریزانەکان و ناوبژیوانان لە عێراق بوون، بە تایبەتی ناوبژیوانان (عیماد ناسر و ئازاد فەرەج و زیا عەبدولکەریم.. تاد)،عێراق مێژوویەکی تایبەتی هەیە لە تۆپی سەرمێز، هیواداریین بگەڕێتەوە ئاستی جارانی.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشخستنی ئاستی ناوبژیوانان، بە تایبەتی لە کوردستان؟**

- بایەخدان بە ناوبژیوانانی تەمەن بچووك، لە ئێستاوە گرنگیان پێبدرێت، خولی زۆریان بۆ بکرێتەوە، منیش لە ئێستاوە پشتگیریان دەکەم بۆخولی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٢.

*** سەردانی هۆڵەکانی هەولێرێت کرد، چۆنت بینی؟**

-هۆڵی سەنتەری بلو لە شێوەی هۆڵەکانی باشووری ئەفریقا دەچێت و بە گشتی هۆڵەکان باش و بەرچاون لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش هەر ئەمجۆرە هۆڵانە هەن.

***ئەگەر یانەیەکی کوردستان داوات لێبکات ئامادەی بێیتەوە کوردستان؟**

-زۆر دڵخۆش دەبم زۆریش حەز دەکەم لە شاری هەولێر بژیم، چونکە خەڵکێکی زۆر دڵساف و باشی تێدایە، بایەخ بە وەرزش دەدەن، بەڵێنیش دەدەم چی باش بێت بۆ وەرزشی کوردستان و عێراق بکەم.

*** لە کۆتایی ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاسی یەکێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان و عێراق دەکەم.

# فیفا هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەندا و ئیسپانیای سزا دا

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاریدا هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەندا و ئیسپانیا سزا بدات بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ ڕوویدا.

بەپێی ڕۆژنامەکان یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاریدا بە بڕی ١٥٠٠٠ فرنك سویسری سزای یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندە بدات و بڕی ١٠٠٠٠ فرنك سویسری سزای هەڵبژاردەی ئیسپانیا بدات.



لەم یارییەدا ناوبژیوانی ئینگلیزی هاورد ویب ٨ کارتی زەردی دژی یاریزانانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە بەرزکردەوە و یاریزان هاتینگە کارتی سووری وەرگرت و ٥ کارتی زەردی دژی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەرزکردەوە.

جێگەی باسە یارییەکە لە بەرژەوەندی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر تەواو بوو.

# شیفشینکۆ دزێکی پرۆفیشناڵە



دوای تەواوبوونی یەکێك لە یارییەکانی یانەی دیناموکییف ئۆکرانی لە خولی ئۆکرانیا، یاریزان شیفشینکۆ دزییەکی زۆر سەیری ئەنجامدا کاتێك دزدانی بێژەری یەکێك لە کەناڵە ئۆکرانیەکانی دزی لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵیدا، دوای تەواوبوونی چا و پێکە و تنە کە شفشینکۆ دزدانەکەی بۆ بێژەرەکە گەڕاندەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شفشینکۆ لە نێو یاریگا یاریزانێکی بە توانا و لێهاتووە و لە دەرەوەی یاریگا دزێکی پرۆ فیشناڵە.

بۆ بینیی ڤیدیۆی ئەمکارە دەتوانن سەردانی ماڵپەری وەرزشی گۆڤاری گوڵان بکەن:

www.gulan-media.com/sport

# شنایدر: مۆرینهۆ لەگەڵ ریال مەدرید بەردەوام نابێت



یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی ئەنتەر میلان شنایدر لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان گوتی: مۆرینهۆ لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەردەوام نابێت

لە درێژەی قسەکانیدا شنایدر گوتی: مۆرینهۆ حەز دەکات ببێتە ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یۆنایتد و زۆر خولیای خولی ئینگلیزیە و حەز دەکات لەم خولە ڕاهێنەرایەتی بکات، بۆیە بە بۆچوونی خۆم ئەم ڕاهێنەرە لەگەڵ یانەی شاهانە بەردەوام نابێت. شنایدر گوتی: دوای یەك دوو ساڵی تر فێرگسۆن واز لە ڕاهێنەرایەتی شەیتانە سوورەکان دەهێنێت ڕاستەوخۆ مۆرینهۆ دەبێتە ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد، چونکە زۆر حەز لە ئینگلتەرە دەکات

جێگەی باسە شنایدر وەرزی ڕابردوو توانی لەگەڵ یانەی ئەنتەر میلان خولی ئیتاڵیا و جامی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەستبهێنێت و لە یانەی ریال مەدرید یاری کردووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مۆرینهۆ هەیە.



www.gulan-media.com/sport
بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com